چەپکێک شیعری نیکۆلاس کاتانۆ شاعیری ڕۆمانیی – کەنەدی

# تێبینییەکانی سەر دیواری زیندانێک

**ئا- و: لە ئینگلیزییەوە: عەبدوڵلا سلێمان (مەشخەڵ) (کەنەدا)**



**پاییز**

چ حەپەسانێک بوو
من و خۆر
بەیەکەوە لەهەمان ژووری زینداندا
دەمانتوانی بووغمان هەبێ

*

گەڵا زەردەکان لە بێ دەنگیدا ڕادەماڵرێن.

*

من ژمارە نەوەد و چوارم.

*

خائینەکان دەبوایە میللەتەکانیان بپارێزن و
قارەمانانەکانیش دەبووایە بیانفەوتێنن.

*

باڵندەکە ئەگاتە
پشت چاوەکانم و
ئەبینێ چۆڵوهۆڵە.

*

گردەکانی دەوروبەر
لە ترساندا گرمۆڵە بوونە

*

گەردوون
بەردەوامی خۆی هەڵناوەشێنێتەوە
لەبەر دزێوی مرۆڤ

*

من زۆرجار
لە وشەکانم پەشیمان دەبمەوە
بەڵام هەرگیز لە بێ دەنگییەکانم نا.

*

ئێستا تاکە گەڵایەک بەقەد دارەکەوە نییە.

*

تەنیا نهیلیستەکان دەیبەنەوە، چونکە بە نیازی هیچن.

*

من باڵندەی زیندانم.

*

بۆ ئەوەی مەزن بی، ئەبێ بە هەڵە حاڵی بووبی.

*

کە منداڵ بووم کەس نەدەمرد
بەڵام ئێستا مردن بەردەوام ڕوودەدا.

*

واقیع داهێنانی ئارەزوو و لە ئەندازە بەدەرمانە.

*

بێ دەنگی لە تیرۆر بالادەستترە.

*

گەڵاکان گوێمن و
گوێم لێ دەگرن

*

هیچ نارەوایە لە درۆی ئەبسوردێکەوە تا بۆگەنترین تاوان.

*

من دەژێم و تاجی پاشاییشم ناوێ.

*

ئەوەی لێرە مردبێ ناوە.

*

من بەردەوام هەڵەم کرد
بۆ ئەوەی ببم بەخۆم.

*

شەو و ڕۆژ
زۆرانبازییە لە پێناو دەسەڵاتدا.

*

من خەریکی لابردنی جاڵجاڵۆکەی مردووم لەسەر
لێوی پەنجەرەکە.

*

چونکە مردن ناچارییەکی حاشاهەڵنەگرە
مرۆڤ چارەنووسی بە شکستە.

*

کۆتاییەکان ئەنجام نین.

*

## زستان

زەمەن لە نێو بێدەنگیدا عاسی بووە.

*

قۆڵەکانم ماندوو بوون
لەوەی وەک باڵ خۆ بنوێنن.

*

دەتوانم دڵم وەربگرمەوە؟

*

ئێرە ئەو شوێنەیە کە هەموو فێڵەکانی
خۆکوژی تێدا فێر دەبی.

*

شۆڕشەکان تاجیان خستە سەر تاوانباران.

*

هیچ شتێک لە زیندان لە هۆشیاری
بێ تاوانێک ناخۆشتر نییە.

*

ئامانجێکی تایبەت بە ژیان ببەخشە

ژیان یەکسەر واتای خۆی لەدەست دەدات.

*

مانگی ئاسمان وەک ئاوێنەکە شکاوە.

*

کەس ناتوانێ خۆی بە لایەکدا بخات
چونکە هەموو کەس هەم ڕاستن و هەمیش هەڵەن.

*

چونکە هەموو فێڵ دەکەین
بۆیە لە یەکتر دەبوورین.

*

ئەگەر مردم
تۆڵەم مەکەنەوە.

*

ئەگەر ژیری لە خەوندا بوایە
چیم لە خەوتن پێ دەدزرا.

*

## بەهار

ئایا ڕووناکی دەرگای هەیە؟

*

گوڵ لە نێو بلێسەی ئاگردا دەبێتە بەهار.

*

نوێژکەرەکان بۆ دۆڕاوەکان نزا دەکەن.

*

پەپوولەیەکی ڕەش
خۆری داپۆشی.

*

جارێک چەند جیهانێک هەبووە
لە نێوان وشەکان و نائامادەییدا.

*

لە چاوەڕوانی گوللە بارانکردندام.

*

چ ئەلتەرناتیڤێکم هەیە،
پاش تاریکی؟

*

من لە کوێم؟ ئایا من بێدارم؟

*

بەردەوام نیشتمانی خەونەکانم
دروست دەکەم.

*

هیچ شتێک لە بیرۆکە ترسناکتر نییە
کاتێ تەنیا ئەومان هەبێ.

*

پێم وابێ باخچەیەک هەیە
ناوی باخچەی خۆشەویستییە
گەر وایە،

منی تێدا نیم.

*

هەندێک جار سەلامەتترە
دەست و پێ لە زنجیردا بێ
نەک ئازاد بی.

*

خەونەکانیش کێلی گۆڕن.

*

بە بێ مەرگ
ڕزگاری نایەتە دی.

*

ئەگەر بە وەفا بیت بۆ ڕاستی
ئەوە ون بوویتە.

*

بوون بە قوربانی، تراژیدیایە
بوون بە مرۆڤیش تراژیدیایەکی ترە.

*

هەرگیز ناتوانم ببم بە شتێک
خۆم نەبم
نا ئومێدیشم لەوەی ببم بە خۆم.

*

خۆر دەدرەوشێتەوە
وەک ئەوەی مردن هەر نەبێ.

*

چاوەڕوانی بۆ کۆتایی هاتنی چاوەڕوانی
خۆی جۆرێکە لە چاوەڕوانی.

*

**هاوین**

شوێن ئەو گەورانە مەکەوە
کە چاو برسین.

*

مێشک ئەو یادەوەرییانە هەڵدەگرێ
کە دڵ ناتوانێ هەڵیان بگرێ.

*

لێرە هیچ ئەلتەرناتیڤێکی تر نییە
جگە لە خۆشەویستی، یان مەرگ.

*

هیوا لە زانیاری ناتەواوەوە
پەیدا دەبێ.

*

تەنیا کەسێک لەوانەیە ببێت بە شەیتان
بەڵام کۆمەڵە کەسێک پێکەوە دەبن بە بەربەری.

*

گوێم لە هاوارە لاوازەکەیەتی.

*

سەرکەوتن بە بێ ئاکار چی دەگەیەنێ؟

*

گرنگترین ڕاستی فەرمان دەرکردنە
هەموو کەسێک دەیەوێ فەرمان بدا.

*

پرسیار ئەوە نییە ئایا بڕوامان بە خوا هەیە
بەڵکو ئەوەیە ئایا خوا بڕوای بە ئێمە هەیە؟

*

سەرما لە گوڵی چیمەنتۆوە دەڕوێ.

*

مێشک قەت ڕێنمایی دڵ ناکات
بەڵام لە تاواندا دەبنە هاوڕێی یەکتر.

*

ئایا هیچوپووچ  دەتوانێ بەخشندە بێ؟

*

هەموو مرۆڤ بۆ هەتا هەتا دەژێت و
بۆ هەتا هەتا دەمرێت.

*

وەک دەریاچەیەکی مردوو
تاریکی پێچامییەوە.

*

**پاییز**

هەورەکان مێژوویان نییە.

*

پاییز لووتکەی گەڵا مردووەکان و
شکستخواردووەکانە.

*

من لێرەم
تا چەندان شکستی خوات پێ بڵێم.

*

یان دەبێ یەکترمان خۆش بوێ
یان بمرین.

*

من و درەختەکان
زوو ڕووت دەبینەوە.

*

هەتاو لەسەر دیوارەکە توایەوە و
تیشکەکانی لی دەچۆڕێ.

*

گوێم لە دەنگی شوێن پێکانمە
بەبێ وچان بە شوێنمەوەن.

*

ئایا دیوارەکان دەتوانن بمخۆن؟

*

تۆ بڵێی ئەمە دوایین خەونم بێ؟

نیکۆلاس کاتانۆی لە ساڵی ١٩٢٦ لە ڕۆمانیا لەدایکبووە، خوێندنی پزیشکی و فەلسەفەی لە زانکۆی کلوج ناپۆکا لە ڕۆمانیا خوێندووە. لە ساڵی ١٩٢٦ دێتە کەنەدا و دوای شەش ساڵ دەبێتە هاووڵاتیی کەنەدی. لە ساڵی ١٩٢٦ تا ساڵی ١٩٧٠ وەک رادیۆلۆجیستێک(شارەزا لە بواری بەکارهێنانی تیشک) لە مۆنتریاڵ و فدریکتن کاری کردووە. لە ساڵی ١٩٧٠وە بە شێوەیەکی بەربڵاو گەشتی کردووە و ماڵی لە ئەڵمانیا و فەڕەنسا داناوە. کاتانۆی بە زمانی ڕۆمانی و ئەڵمانی و فەڕەنسی و ئینگلیزی و ئیسپانی دەنووسێت و زیاتر لە سی کتێبی بڵاو کردووەتەوە.

نیکۆلاس ئەندامی یانەی: پێن" و ئەندامی کۆمەڵەی نێونەتەوەیی شیعرە لە بەریتانیا و ئەندامی ناشناڵ جیوگرافی ئەمریکییە و ئەندامی ئەکادیمیای شاعیرانی نێونەتەوەیی قوتابخانەی هیندییە، هەروەها ئەندامی ئەی ئێس پی ئارِ ئۆی ڕۆمانییە.

ئەدەب و شیعری ڕۆمانی لەڕووی مێژووییەوە کۆنترین دەقیان بۆ ساڵی ١٥١٢ دەگەڕێتەوە کە بارشۆڤ نووسیویەتی، کولتووری ڕۆمانی بە چڕی لەژێر کاریگەری کەنیسەی ئۆرسەدۆکس بووە. یەکەمین کتێب لە ڕۆمانیا کە کتێبێکی ئایینی بوو لە ساڵی ١٥٠٨ چاپ کراوە. پاش ئەو مێژووە ئینجیل و گەلێ کتێبی ئایینی تر چاپ کران، بەڵام وەک ئەدەب یەکەمین کتێبی ئەدەبی (شیعر) لە ساڵی ١٦٧٣ چاپ کراوە و بووە بە سەرەتای بزووتنەوەی شیعری ڕۆمانی. لە سەدەی هەژدەم خاکی ڕۆمانیا کەوتە چنگ دەسەڵاتی عوسمانییەکان و ئەوانیش تەنیا ڕێگەیان بە کولتووری یۆنانی دەدا و لێرەوە کولتووری یۆنانی هەژموونی خۆی بەسەر ئەدەبی ڕۆمانیدا زاڵ کرد و بووە هۆی گەشە و بەرەوپێشچوونی ئەدەبی ڕۆمانی. دوای بڵاوبوونەوەی بیری ناسیۆنالیستی لە ئەوروپا، ڕۆمانییەکانیش لەپێناو دەوڵەتی خۆیاندا کەوتنە خۆ و ئەو ئایدیۆلۆژییەیان گرتە دەست. لەسەرەتای سەدەی بیستەم ئەدەبی ڕۆمانی گەیشتە چڵەپۆپەی خۆی کە بە قۆناغی زێڕین ناو دەبرێ. ڕۆمانیا جگە لەوەی ژانری ڕۆمانی تێدا گەشە دەکا، گەلێ بەهرەمەندی تری تێدا هەڵدەکەوێ لەوانە کە ڕۆڵیان دەبێ لە بنیادنانی بزووتنەوە ئەدەبی و هونەرییەکانی خۆرئاوا. دوای ئەم پلەیە لە گەشە ئیتر ڕۆمانیا تێکەڵ بە کولتووری خۆرئاوا دەبێ. دوای جەنگی دووەمی جیهانیش ڕۆمانیا بیروباوەڕی ستالینیزم و دەسەڵاتی کۆمۆنیستی ئەو وڵاتە کاریگەری ڕاستەوخۆیان لە گەشە و سەرهەڵدانی ئەدەبی کۆمۆنیستی ڕۆمانی دەبێ. ئەدەب و شیعری هاوچەرخی ڕۆمانی لە کاروانی گەشەی شیعر و ئەدەبی جیهانی دانەبڕاوە و شاعیران و نووسەرانیان لە داهێنان بەردەوامن.

نیکۆڵس کاتانۆی شاعیر لەم شیعرانەدا شیعر-یادەوەری، یان یادەوەری شیعریی ئەزموونی ژیانی زیندان و دووبارە زیندووکردنەوەی یادەوەرییەکانی سەردەمی گەنجی شاعیرە کە لە زیندانەکانی ڕۆمانیادا دەست بەسەر بووە، کە ئەو کات لەلایەن ڕووسیاوە داگیر کرابوو. سێ جار بە ڕێکەوت دەیهێننەوە دەرەوە تا لە سێدارەی بدەن، بەڵام کاتانۆی یەکێک بوو لەو دوو سەد زیندانییەی کە لە سێدارە ڕزگاری بوو. دوای ئازادکردنی نیکۆڵس لە یادەوەری خۆیدا بەریەکەوتنی خۆی وەک زیندانییەکی سەدەی بیستەم هێناوەتە ئاراوە. تێکستەکان بەراوردی دوو دەنگی جیاوازن کە بە وەرگرتنی شیعری شاعیرانی تر و قسەی نەستەق خۆی پڕ دەکاتەوە. کاتانۆی ژانرە کۆنەکان تێک دەشکێنێت و داوامان لێ دەکات بە پێچەوانەوە بیانخوێنینەوە، هەروەک چۆن بۆ دۆزینەوەی درۆی مرۆڤایەتی لە کەلێنی کۆمەڵگەی ئەمڕۆدا ڕاست و ڕاست دەیخوێنینەوە. وەک کاتانۆی خۆی دانی پێدا ناوە هیچ شکۆ و ڕێزێک لە زیندان نییە و وەک خۆی گوزارشتی لێ کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا تێبینییەکانی سەر دیواری زیندانێک گێڕانەوەی شکۆیە بۆ ڕوحی مرۆڤ.

نیکۆڵس کاتانۆی وەک لە نامەیەکیدا بۆ دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێبەکەی ناردووە دەنووسێ " تێبینییەکانی سەر دیواری زیندانێک" هەم یادەوەرییە و هەمیش شیعرە"، هەروەها سینسیا مەسینجەر لە کۆتایی کتێبەکەدا کە وەک پاشەکییەک دانراوە دەنووسێت " من پێشنیار دەکەم کە ئەم تێبینییانە وەک شیعرێکی درێژ بخوێنرێنەوە."، هەروەها دەنووسێت " ئێستا و دوایی تێکستەکان لەگەڵ فرەیز و ڕستە ئاماژەن بۆ بێ دەنگی، بێ گومان بێ دەنگیش واتە مەرگ". دواجار لە میانی تێکستەکانەوە دەبینین شیعری جوان و نووسینی جوان خۆیان نمایش دەکەن. وەک سینسیا دەڵێ "شاعیر قووڵترین مەینەتی لە جیهاندا ئەزموون کردووە و لە گەڕان بەدوای ڕاستیدا بەردەوامە.

**تێبینییەکانی وەرگێڕ:**

**١- تێبینییەکانی سەر دیواری زیندانێک کۆشیعرێکە و من تەنیا ئەم چەند شیعرانەم لێ هەڵبژاردووە و وەرگێڕاوە.**

**٢- شیعرەکان زۆر زۆر کورتن و هەندێکیان دێڕێک، یان چەند وشەیەکن.**

**سەرچاوەکان:**

**1- Notes on a Prison Wall**
**Nicholas Catanoy**
**Vancouver, Canada 1994**
**2- http://49thshelf.com/Books/N/Notes-on-a-Prison-Wall**
**3- http://ronsdalepress.com/authors/nicholas-catanoy**
**4- http://en.wikipedia.org/wiki/Romanian_literature**